کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# بۆ یادی کارەساتی یەکی فیبرواری ساڵی ٢٠٠٤ لە شاری هەولێر .

## جەژنێك شەهید دەكرێ

هێمن رەئووف

http://hemnrauf.kurdblogger.com/



هاوڕێی دێرین و شیرینم

هۆ پیرە یار
ئەم بەیانییە کەتۆم بینی
دڵم پڕبوو !
بەڵام لەباتی فرمێسک
چەند ووشە یەک
لە نوکی ئەم پێنوسەوە
دڵۆپ .. دڵۆپ
لاپەڕەی سپییان خوساند .
ساردو سڕی
ئەم لاپەڕە بێگیانەیان
لە من هەژاند!!
چەند ئەستێرەیەکی مەزن
مەزنتر لە مانگ ولە خۆر
لە ئاسمانی
ئەم بەیانییەی سینەمدا
ڕۆشن دەبوون
بەجریوە خۆیان دەنواند ...

پرسیارم کرد
بەیانییەو خۆر لەکوێ یە ؟
بەیانییەو لە جێ دەنگی چۆلەکەکان
دەنگی کێ یە ؟
لە جیی ئاواز وهەڵپەڕکێ
لەجێی بانگ وسەڵای جەژن
ئەوەچیە دەنگی پێیە ؟؟

بەیانییەو قوربانییە
کەچی جەژن هەرنوستووە و
هێشتا ئاگای لە خۆی نییە .
مناڵان پێناکەنن
سروودی نوێیان پێنییە .
ئامادەنین بۆ جەژنانە بەڕێ کەوتن
بۆ جۆلانەو چەرخوفەلەق بەسەرکەون
ئامادەنین
وەک مناڵی پەپولەکان
بە پیرۆزی باڵەکانیان
بەرەو دنییای
خەیاڵوخەونوئەفسانە بەناوکەون .

نەمدەزانی
ئەوە هەستە یان برسێتی؟
ئەمە غەمە یان نەخۆشی ؟
منداڵن یان من بەم جۆرە دەیانبینم ؟؟؟ !!!

*************** ******

هۆ پیرە شار
کە تۆم بینی وکە ئەم بەیانیەم بینی
کەئەم جەژنە ساردەم بینی ،
کە ئەو قوربانییە ڕەشەو
ئەو دەستە پڕ غەلوغەشەی
سینگومەمکۆڵەی تۆم بینی ،

دووبارە دڵم دەگریا
ئەمجارەیان
فرمێسک بوو بە کزەی با
پەیتا،،پەیتا
پروشەی بەفری گۆیژەی بۆ ئەهێنام .
دەستوپەنجەمی دەتەزاند
دانگی گرتم

هەنگاوەکانی دواخستم
بۆ دورگەیەکی نادیار
هەستەکانی منی فڕاند ،.

بەتەرزەی ئەو هەورە ڕەشەی
لە ئێوارەوە هڕەشەدەکات
سەری کوتیم ،
گەڵای مێوە ساواکانی منی وەراند ،
ئەوتەرزەیە ی
هاتو ویستی غەمێببات
غەمی باراند ...

*** ****

ئەم جارەیشیان
من دەگریم و
بەڵام لەباتی ڕەنگینیی
دڵۆپی فرمێسکەکانم
خوین دەڕێژم ..
لە باتی قووڵیی هاوارم
لە دەنگمدا تۆ دەنێژم .

نەمدەزانی
ئەو ئەستێرە پەمەییانەی
ئەم بەیانییە ئاسمانەکانیان تەنی بوو
ڕۆحی پیرۆزی ئێوە بوون .
ناسکییان تۆزی باڵی
پەپولەکانی ئێوە بوون .
بریسکەیان
هەناسەی ساردی ئێوە بوون ...

نەمدەزانی
زۆر بوونیان و ڕێگرتنیان لە تیشکی خۆر
هەر شەهید بوونی ئێوە بوون . . . .

******* *********

بەڵام دڵنیابە هەی یار
من لێرەوە ولەم شوێنەوە
بە دەنگی پڕ لە گریانی
مناڵانی بزێوەوە
لە پرسەداین،لە حەسرەتداین
لە غەمی قووڵی ئێوەداین ..

بە سوربوونی چاوەکانمان
دەیسەلمێنین لە ئێوە داین ،
خۆشیەکان جێدەهێڵین
بۆ برینەکانی ئێوە لە ئێشک داین ،
لە باتی ووردە هەنگاوی
پیاسەی تویمەلیک وئیسکان
سەهۆڵەکەو لای گۆزەکان
ڕوو دەکەمە گردی سەیوان ،
لەمەزاری شەهیدێکدا ڕادەوەستم
هەموو تکاو نزاکانم بێتە دەستان .

لە باتی ئەو دانیشتنانەی
ئێوارانی مامە یارە
بۆ پرسەی تۆ ڕوودەکەمە مزگەوتەکان .

لەجێی نوسینی ئەو شیعرە ئەویندارەی
بۆ خۆشەویستی دوور وڵات دابڕێژم ،
ووشەکانم پۆل پۆل
وەک شەپۆلی دەریا
لەگەڵ ئەشکا هەڵدەڕێژم ...

********* *******

بەڵام ئەفسوس !!!!!
سەد جار ئەفسوس !!!!!!
نازانم ئەو هەستانە کێن کە هیچ هەستیان تێدا نییە ؟؟
ئەو دڵانەی وشکن خوێنیان تێدا نییە
ئەو خونچانەی پەڕەی گوڵیان تێدا نییە
ئەو باڵاو پەیکەرە جوانەی کە مرۆڤیان تێدا نییە . . .

نازانم بۆ چاوەکانییان
تاریکن سپی نابینن ؟
بێ گلێنەن منداڵانی پێنابینن ؟
دێرینی تۆ وئەو تاجەی سەرت نابینن ؟
نازانم بۆ بەرهەمی ڕۆڵەکانی تۆ دەسوتێنن ؟
جوانییەکان دەشێوێنن ؟
پێکەنیین وشادی جەژن
دەتۆرێنن ؟
جەرگی دایکان دەسوتێنن ؟

نازانم هەر گۆشت وخوێنن
یان بەرد ودار ؟
هەر مرۆڤن
یان گورگی هار ؟

***** ******

بۆیە ئاوا
پڕ بەدەنگم هاوار دەکەم
ئەڵێم ،، بڕۆ !
بڕۆ ئەی دڕندە بڕۆ
ئەی نەفرەتی سەر شۆڕ بڕۆ ،
بگەڕێوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتی ،

بەڵام چاوت داخەو بڕۆ !
با ئەو منداڵە چاو گەشەی
چی دی باوکی خۆی نابینێ

تۆ نەبینی .
با ئەو ژنە شەهیدەی
هاوسەر وخۆشەویستەکەی
بۆ ئەبەدی نادوێنێ
تۆ نەدوێنێ .
با ئەو دایکەی جەرگیت سوتاند
پێکەنینیت کردە گریان
هاوار نەکاو نە قیژێنێ .
با جارێکی تر شارەکەم
لە کابوسا جێنەمێنێ .. .. .. ..

********* *****
وا بەهارەو با ئاگری سوری نەورۆز
بیهەژێنێ .
گۆرانیی و بەزم وهەڵپەڕکێ
پێکەنینی ببزوێنێ .
لەگەڵچرۆی درەختەکان
دووبارە پەپولەی ڕەنگین
بەرهەمبێنێ .
وەکو بوکێکی ڕازاوەی
ئەم کوردستانە شیرینە خۆی بنوێنێ .
خۆی بنوێنێ . . . . .

---

2006 .28.01

تێبینی . ئەم هۆنراوەیە پار ساڵ بڵاو کراوەتەوە ، بۆ هاوخەمی ئەو ڕووداوە تاڵە جارێکی تر بڵاوی دەکەمەوە .